# کوشتن لە عێراقی تازە دا

**فەهد گردەوانی**



ئەو ڕاپۆرتە ترسناکەی نەتەوەیەکگرتووەکان ، بۆ مرۆڤایەتی کارەساتێکی ترسناکە.ساڵی رابووردوو [2006] نزیکەی 35000 هەزار کەس کوژراوە واتە رۆژانە نزیکەی 95 کەس .جگە لە کوشتن و مردن ، خەڵکێکی زۆری دانیشتوانی عێراق ، بەتایبەتی خەڵکی بەغدا و رومادی و فەلوجە و موسڵ و بەسرا ، بەرەو دەرەوەی نیشتمان ، لە ترسی کوشتن کۆچیان کردووە، بۆ وڵاتانی میسر و ئوردن و سوریە و لوبنان و ئەوڕوپا. بە مەزەندە نزیکەی دوو میلیون کەس دەبێت . کوردستانەکەی خۆشمان بۆتە شوێنی حەوانەوەی عارەبە هەڵاتووەکان و مەسیحیەکانی کەرکووک و موسڵ و بەغدا و بەسرە. لەشکری بەناو کوردی {دیارە حەزناکەن ناویان لێبنرێ بە پێشمەرگە} دەچیتە بەغدا بۆ ئەوەی ئاسایش لە بەغدا سەقامگیر بکات ، یان هاریکاری لەشکری عێراقی بکات بۆ سەقامگیرکردنی هێمنی و ئاسایشی عێراقی تازە. ئاخۆ ئەو حکومەتەی هەرێمی کوردستان و سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان بیریان کردۆتەوە دوا رۆژی ئەو کارە چەند بە گران لەسەر حکومەت و سەرکردایەتی دەوەستێت بە تایبەت ئەگەر بێت و [فەشەل] لە کارەکانیان بهێنن . ئەی ئەو دایک و بابانەی لاشەی کوڕەکەیان بۆ دەگەڕێتەوە چی بەو حکومەتە دەڵێن کە شەڕێک ئی خۆی نی یە لە جیاتی خەڵکی تر دەیکات و لە دەرەوەی سنووری خۆی . چەند سەربازی غەیرە کوردی لە پێناوی ئاسایش و سەقامگیریی کوردستان گیانیان کردۆتە فیدا .هەتا ئەوڕۆ کوردیش چاکەی بداتەوە. مێژوو دیارە رەحم بە رووحی کوردەکان ناکات، بۆیە سەلاحەددینی ئەیوبیش کوردی بردە میسر و فەلەستین بۆ سەقامگیرکردنی ئاینی ئیسلام کوڕەکوردی بە کوشت دا . با نووسەران و مێژوونووسان لێکۆڵینەوە بکەن بزانن چەند کورد بووە قوربانی رزگارکردنی فەلەستین و میسر و ئیسلام لە سەردەمی سەلاحەددینی ئەیوبی دا . ئینجا سەدام حوسێن لەبەر بێئیمانی کورد ، قڕکردنی کوردی ناو لێنا [ئەنفال] بە ناوی ئایەتی قورئان . ئەگەر شەڕی بەغدا ناوبنرێ شەڕی شیعە و سنە و شەڕی ئیرهاب و ئەمریکا ، ئەی کورد لە کامە شەڕ دا بە شدارە بۆ ئەوەی هەرێمەکەی ئاژاوە و ئیرهابی تێدا نەکەوێتەوە. ئەو لە شکرە بۆ نە چووە کەرکوک کە وەکو شارێکی کوردستانی هێمنی وئاسایشی بپارێزی کە رۆژانە کاری ئیرهاب و ئاژاوەی تێدا دەکرێت . ئەو سەرکردایەتی یە خەریکی سیاسەت کردنە یان بازرگانی بە سیاسەت دەکات .

2007/1/18 ستۆکهۆڵم